# نەوشەفەق

کۆواری ئەدەب و ڕۆشنبیری

**83**

**تشرینی یەکەم**

**2011**


هونەری ڕۆمان لە نەبوونییەوە نەهاتووەتە کایەوە، بگرە چەند بەرهەمێکی دیکە هەبوون، بە شێوی پەخشان نووسرابوون و، تا ئێستا لەنێو توێژەرانی مێژوویی ئەدەبی جیهانی مشتومڕی لەسەر دەکرێ.

عادل گەرمیانی

---

ڕێبازی هەڵوەشاندنەوە، وەک لە ناوەکەی دیارە هەڵوەشاندنەوە دەکاتە پێوەر بۆ ناسنامەی دەق، بە هەمان شێوە هەوڵی ئەوە دەدات دەق بۆ خۆی خۆی دروست بکاتەوە.

هێمن عومەر

---

مێژووی ئەدەب تەنیا بەبەرهەم ئەمەکناسە. نە گوێ لە قسەی ڕەخنەگەر دەگرێ و نە گوێ بۆ ڕۆژنامەنووس شل دەکا، نە چاو بۆ پارە دەکاتەوە و نە هیچ شتێکی تر.

عوباسی مەعروفی

---

ئەوە رەخنەی ئەدەبییە کە ستاتیکا و گرینگی و قووڵیی تیکستە ئەدەبییەکان دەردەخات و هۆشیاریی مرۆڤەکان بە بنیان فراوانتر دەکات. بەڵام ئێمە خاوەن بزووتنەوەیەکی رەخنەگری ئەدەبیی بەهێز نین.

ڕێبین هەردی


خاوەن ئیمتیاز:

**بەدران ئەحمەد حەبیب**

سەرنووسیار:

**سەباح ئیسماعیل**

ojeen_sabah@yahoo.com

0770 131 05 56

بەڕێوەبەری نووسیاری:

**چنوور نامیق**

chnornamiq@yahoo.com

0750 362 32 63

بەڕێوەبەری هونەری

**ئاراس ئەکرەم**

پیت لێدان: کاروان ئەسعەد

هەڵەگری: بۆکان نووری. ئاریان ئەحمەد

دەزگای شەفەق

کوردستان – کەرکووک

شەقامی کۆماری – باڵەخانەی فەخری

# پێڕست


سەروتار. بەدران ئەحمەد حەبیب ..... 2

لە "جەلیل قەیسی"یەوە بۆ من مایەی شانازی. نامە. ئیسماعیل بەرزنجی ..... 5

چەند سەرنجێک لەبارەی مێژووی ڕۆمان. لێکۆڵینەوە. د. عادل گەرمیانی ..... 7

دەروازەیەک بۆ ناسینی ڕێبازی هەڵوەشاندنەوە. لێکۆڵینەوە. هێمن عومەر خۆشناو ..... 21

کە خۆشەویستی دەبێتە هێزی ڕامالین. باس. ئا: عەبدوڕەحیم سەرەڕۆ ..... 27

زمانی شیعری و شوناسی ژنێتی. وتار. نیهاد جامی ..... 33

دڵۆپێک لە هەتاو. وتار. کەریم دەشتی ..... 39

ڕۆڵی یوسف عەبدولەسیح سەروەت لە دەوڵەمەندکردنی شانۆی عێراقی. وتار. عوبێد مەجید ..... 44

ڕۆڵی ئیش لە قەسیدە بەناوبانگەکەی شوکری فەزڵیدا. بابەت. لەتیف فاتح فەرەج ..... 49

کارکرد و گەمەکانی زمان. زمانەوانی. ساڵح سوزەنی ..... 53

چوار ئەستوونی چیرۆک. باس. عەباس مەعرووفی. لە فارسییەوە: بابەک سەحرانەوەرد ..... 61

لەگەڵ ڕێبین هەردی. دیمانە. سازدانی: هیمداد شاهین ..... 64

لەگەڵ ئەحلام موستەغانمی. دیمانە. وەرگێڕانی: سەنگەر زراری ..... 72

مەولانا جەلالەدینی رومی. ناساندن. کاکەیی زادە ..... 80

ژنێک لێوانلێو لە ئەوین. شیعر. خالید باشبڵاخی ..... 86

سوێر. شیعر. کارزان ڕەحمان ..... 89

زاڵم و مەزڵوم. شیعر. ئومێد عەلی ..... 92

دوو نیو پیاسە. شیعر. تەیب قادر ..... 94

٣ شیعری هاوچەرخی تورکمانی. شیعری وەرگێڕاو. لە تورکمانییەوە: عەبدولستار جەباری ..... 96

نــــامەکان. شیعری وەرگێڕاو. لە فارسییەوە: مەریوان هەڵەبجەیی ..... 99

نامەیەک بۆ خەڵکی ئاوایی. چیرۆک. بەکر دەروێش ..... 101

هەڵهەڵە. چیرۆک. سالار ئیسماعیل سەمین ..... 108

من و فشەی نیسان. چیرۆک. ئەردەڵان عەبدوڵڵا ..... 112

ئەوین. چیرۆکی وەرگێڕاو. تیبۆر دێری ..... 115

دەم بە پێکەنین. چیرۆکی وەرگێڕاو. لە عەرەبییەوە: حوسێن عەلی ..... 128

دەرەکی. چیرۆکی وەرگێڕاو. وەرگێڕانی: سابیر شاکر مەلوول ..... 131

چەقۆی میوە. چیرۆکی وەرگێڕاو. لە فارسییەوە: جەبار سابیر ..... 136


فاشیزم و هاوڕێیەتیی دوو منداڵ لە ڕۆمانێکدا. ڕانان. محەمەد حوسێن ..... 138

ئەژی گۆران و جەلالی میرزا کەریم. کۆنە دەفتەر ..... 141

لێکۆڵینەوە

# دەروازەیەک
# بۆ ناسینی ڕێبازی هەڵوەشاندنەوە

هێمن عومەر خۆشناو



ئەگەر لە کۆنەوە وەرگر (رەخنەگر – خوێنەر) بە شێوازی جۆراوجۆرەوە دەقیان شی کردبێتەوە و لە ڕێگەی شـیکردنەوەوە هـەوڵیان دابێ لێی تێ بگەن، ئەوا بە گـەڕانەوەمـان بۆ مێـژووی هزر لە ڕۆژئاواوە، دەگـەینە ئەو ڕاسـتـیـیـەی بـە زۆری هـەوڵی ئەوە لـە ئارادا بووە، کـە لە دەرەوەی دەق بە دەقـێکی تـرەوە شـیکردنەوە بـۆ دەقـێکی تایبـەتی بکرێ و بە هـەردووکیـان لە نوێوە دەقـێکی تازە بسازێننەوە. بەڵام ڕێبازی هەڵوەشاندنەوە، وەک لە ناوەکەی دیارە هەڵوەشاندنەوە دەکاتە پێوەر بۆ ناسنامـەی دەق، بە هـەمـان شـێوە هـەوڵی ئـەوە دەدات دەق بۆ خـۆی خـۆی دروست بکاتەوە، ئەمـەش لەو ڕێگەیەی کە نابێ پشت بە بنەوا و تیۆری دەرەکی ببەسترێت، بگرە لەناو خـودی دەقدا راڤـەکە ئەنجام بدرێت و بەو ڕێگەوە دەق هـەڵبوەشێتـەوە و ریشاڵەکانـی ورد ورد بکرێن و سـەرلەنوێ روح و تام و بۆنێکی تری پێ بدرێتەوە.

بە مـانایەکی تر شـیکردنەوە و راڤەی دەق بە پێی میـتـۆدی هەڵوەشـاندنەوە ئەوە نییـە بە هۆی پاڵپشـتیی دەقێکی دەرەکییەوە دەقێک دروست بکەین و دەقـە کۆنەکەش هـەر بمێنێتەوە، بگرە دەبێ لەناو ئـەو وردەکـارییـەی تێکدان و هـەڵوەشـاندنەوەدا هـەوڵی دۆزینەوەی سـەنتـەر بدەین، ئـەمـەش بێگومـان کـارێکی تا ڕادەیەک زەحـمـەتە، چونکە بەر لـە دۆزینەوەی ئەو سـەنتـەرە پێویسـتمـان بە دۆزینەوەی هاودژی یان دژکارییە لەناو دەقدا.

دریدا دەڵێ: دەق دەستنیشـان نەکراوە و دیاریکراو نییە و کەسێتییەکی جێگیری نییە و هـەروەک بنەوا و سـەرچاوەیەکی جـێگیریشـی نـییـە.. هـەر خـوێندنـەوەیـەک لە خـوێندنـەوەکانی دەق، دەبێتـە پێشەکییەک بۆ خوێندنەوەکانی دوای خۆی.(١)

سـەرچاوەکـان باس لەوە دەکـەن لـەوەتەی دریدا مـوحـازەرەکـەی لە زانکۆی (جـۆن هوبکنز) پێـشکێش کـردووە لە سـاڵی ١٩٦٦، لەوە بـەدوا هەڵوەشـاندنەوە گـۆڕەپانی ڕەخنەی لـە بنیـاتگەری وەرگرتەوە و خۆی بووە پێشـەنگی مـەیدانەکە، چونکە ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوە توانی ژمارەیەکی بێ کۆتایی دەلالاتی دەقی داهێنان ئامێز بەرهـەم بهێنێ، بەمـەش هەڵوەشاندنەوە وەک مومـارەسـەیەکی ڕەخنەیی خـۆی نواند، چونکە تارمـایی بەرەو هەڵدێر چوونـی ڕەخنەی بنیاتگەری ئێسـتـاش لە پێش چاومـانە، سـەرەڕای ئەوەی بنیـاتگەری کـاتی خـۆی لە لایەنـی راڤـەی زمـانەوانی بۆ دەقـی ئەدەبی سەرکەوتنی بەدەست هێنابوو، هەروەها توانیبووی شیکردنەوەی دەق بەرەو بنیاتێکی زمانی ببات، کە لێی پێک هـاتووە، ئەمـەش لە گەورەوە بۆ بچووک دەسـتی پێ دەکرد وردە وردە وردەکارییەکانی ناو دەق گـرینگی پێ درا و بـە بچـووکتـرین دانەی زمـانی (فـۆنیـم) کـۆتایی دەهات، بـەڵام بە دڵنیاییەوە لەو ئاستە تووشی شکست بوو کە مانا لەو بنیاتە زمانییە نەیدەتوانی هەڵبقوڵێ. بۆیە هـەڵوەشـاندنەوە هـات تا لە پاڵ ئەو شـیکارییـە ژمـارەیەکی زۆری بێ کـۆتایی دەلالەت بـەدەست بهێنێت.(٢)

## هەڵوەشاندنەوە و فەلسەفە

هەڵوەشـاندنەوە پێـوەندییـەکی بـەتینی لەگـەڵ فـەلسـەفـە هـەیە، چونکە بۆ خـۆی سـتـراتیـجییـەکی فـەلسـەفـی هـەیە و لەو بارەوە کـۆی پرۆسـەکە کـە ریشـاڵکردن و تەتەڵەکـردنی دەقـە لەسـەر چەند بنەمـایەکی کـاریگـەر، کە دەکرێ هەمـوویان دوا جـار خـزمـەت بە نوێبـوونەوە و مـانا هـەڵکڕاندن و دۆزینەوە و کەشـفکردنی دال و مەدلول و جیـاوازی و دواخسـتن بکەن و دەقێکـی تازە بخەنە بەرچاو لە دوای ئـەویش یـەکـێکی تر بێت و ئـەم هـەڵوەشـاندنـەوەیە بـەردەوامـی پێ بـدات. هـەمـوویشـی لە چوارچێوەی بەردەوامـبـوونی هزر بەرجـەسـتـە دەبێت، کە ئەمـەش بنەوایەکی گرینگی فـەلسـەفییـە، بۆیە (ئەگەر هـەڵوەشـاندنەوە شیکـار و رەخنەگەراییش نەبێت، ئەوا دیارە لە کاتـی ئەنجامـدانی ئەو پرۆسـەیەدا، سـەرەتا دەبێت دەق شـیکار بکرێ و رەخنـەی ئاراسـتە بـکرێت، بۆیە زۆر لە بیـریاران و هزرڤانان پێیان وایە هـەڵوەشانەوە شـیکار و رەخنەیە هـەر بـەو شـێـوەیەش مامـەڵەی لەگـەڵدا دەکەن، کـەواتە هـەڵوەشـاندنـەوەگـەرایی هـەمـوو ئەوانە لەخـۆ دەگرێت. شـتێک لە میـتـۆد شـتێک لە فـەلسـەفـە، شـتێک لە شـیکارکردن، شـتێک لە رەخنەگرتن، ئەمەش وا دەکـات زۆر تەمـومژاوی خـۆی دەرخـات و سـانا نـەبێت دیاری بکرێت)[٣] کە دوا جار ئەم تەمـومژاوییە راڤەی جۆراوجـۆر دەخاتەوە و ئەم راڤە جیـاوازانـەش دەقـی نوێتـر بـەرهـەم دێنێتـەوە و لەنـاو چوارچێوەی هزری بـەردەوامـێتـیدا پێـوەندی هـەڵوەشـاندنەوە و فەلسـەفە بەتینتر دەکات.

## هەڵوەشاندنەوە بەرەو نەمان بردنی دەق نییە

هـەمـوو تێکدانێکی دەق و دەق بـەرەو نـەمـان بردن، ناچێتە چـوارچێوەی چەمکی هـەڵوەشـاندنەوەوە، لەبەرئـەوەی هـەڵوەشـاندنەوە بە نـەرمـونیانی هـەنگاو دەنێت و نابێت تەنیا ئامانج لێی هـەڵوەشـاندنەوە بێت و بـەس، بگرە ئەگـەر لە هـەندێ رێبازی تری ئەدەبی جـۆرە ئازادییەکی رەهـا بە وەرگـر دراوە کە رەفتـار لەگـەڵ دەق بکـات و بە ئـارەزووی خۆی دەق تێک بشکێنێ، بەڵام بەپشتـبەسـتن بە مـیـتـۆدێکی دیاریکراو، ئەوا هـەمـان ئازادی بە پێـڕەوانی هـەڵوەشـاندنەوە دراوە، بەڵام دەبێ بـە نـەرمـونیـانی و مـیانڕەوی بێت و وەرگـرەکە بزانێ چۆن هـەڵسـوکـەوت لەگـەڵ کـەلێن و بۆشـاییـیـەکانی دەق دەکـات و چۆن پڕیان دەکـاتەوە، بـەو مـانایەی نابـێ پێڕەوی ئەو مـیکانیـزمـە بکات کـە دەق ئازار بدات، بەڵام هـەڵی دەوەشـێنێتـەوە لەسـەر بنەوای پێوەندییـەک کـە لە زەینی خـۆیدا بەرجـەسـتـە بووە و بۆ ئەوەی دواتر لەو دەقـەدا یەکێکی تر مانـای تری لێ هـەڵبکرێنێ. نەک لەسـەر بنەوای گـاڵتـە و گەمـەی ئازاد لە دەقدا، لەبەرئەوەی دەبێ وەرگر و خوێنـەر لەسـەر پشتبەسـتن بە پاشـخانی بیـری مەعریفی خۆیان و چۆنیـەتی ئاوێتەبوون لەگەڵ دەق و دەرککردن و هـەست بە جیـاوازیکردن بچنە ناو دەروازەی دەق و دواتر بە قووڵاییی دەق شۆڕ ببنەوە و لێکی هـەڵوەشێننەوە.

بەڵام خاڵێکی گرینگتر هـەیە کە دەبێ رەچاو بکرێ، ئەویش ئەوەیە ئەو گاڵتە و گەمە زمانییە بەو



ڕادەیە ڕێی پێ دەدرێ، کە
گەمەکردنەکە لەناو خودی
دەقەکەدا بێت و نەک نێردراو
بێت و لە دەقێکی ترەوە
بڕوانێتە دەقەکە، بەم
شێوەیە دەق دەبێتە
گڵۆپێکی درەوشاوە و
بەر پێی وەرگر
ڕووناک دەکاتەوە
بۆ ئەوەی بە ئاسانی
پرۆسەی هەڵوەشاندنەوە ئەنجام
بدات. لەلایەکی ترەوە بەمە بەتەواوی وەرگر لە
دەسەڵاتی دەق ئازاد دەبێت و پشت بە دەقی تر
نابەستێ بۆ هەڵوەشاندنەوە و بە گەمە و یارییە هونەرییەکانی
خۆی دەتوانێ ڕووناکییەکی تر بە دەق بدا و ستراتیجییەتێکی تر بەرجەستە
بکات، کە دوا جار بەم هەڵوەشاندنەوەیە دەق وەکو خۆی لێ نایەتەوە و بۆنوبەرامەی
تر دەدات. ئەمەش ئەوەی لێ دەفامرێتەوە، ئەوەی کە ڕەخنەگری سەر بە هەڵوەشاندنەوە لەبەر یارییە تایبەتییەکانی لە دەق دەگات، جاری وا هەیە ئەوەندە نووسەرەکە لە دەقی خۆی نەگەیشتووە، لەبەرئەوەی ڕەخنەگر بە پێڕەوکردنی چەند بنەوایەکی گرینگ دەقەکە هەڵدەوەشێنێتەوە و جیاوازی و لایەنە دژەکان دەستنیشان دەکات و چەمکەکانی دال و مەدلول نیشان دەدات. بێگومان خودی کارەکە پرۆسەیەکی فەلسەفیشە بۆ خۆی، چونکە (ڕەخنەگری هەڵوەشانەوە، لەناو کاری ئەدەبیدا دەگاتە مەدلولی وا، کەوا شاراوە و نادیارە لە پشت موفرەدات و دالەکانەوە بدۆزێتەوە، ڕەنگە زۆرجار خودی نووسەریش هەست بەبوونی ئەم دژکارییە نەکات، جگە لەوەش خۆی بە دەق نابەستێتەوە و ئەدەب بە تاکە ڕەهەندێکی تێڕامان فرە بۆچوون بەرهەم دێنێت، فرەبۆچوونیش فرە دەلالەت بەرهەم دێنێت.)(٤)

## هەڵوەشاندنەوە و ئاخاوتن

ئەوەی کەوا هەڵوەشاندنەوەی وەک چەمکێکی هزری گەیاندە ئەو ئاستە بەرزە ئەوە بوو (دریدا) هەر زوو دەرکی بەوە کرد و ئیعلانی ئەوەی کرد، کە نووسین لە ئاخاوتن گرینگترە، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی کە نووسین بواری فراوانتری لەبەرە بۆ ئەوەی پرۆسەی شیکارکردنەوە و ڕاڤەی تێدا ئەنجام بدرێت نەک ئاخاوتن، ئەگەر بۆ نموونە ئێمە دەقی (قورئان)یش بە نموونە وەربگرین، ئەوا

ئەو جیهانە نووسینەی تەئویل و تەفسیرە لە دوای نووسینەوەی قورئانەوە دروست بوو، چونکە بە نووسینەوەی بواری یەکواتایی و یەک تیگەیشتن نەما و تیگەیشتنەکان جیاواز بوون. بۆیە هەتا خوێنەرەکان بمێنن زیاتر خوێندنەوەی تری بۆ دەکرێ و دەق لە چەقبەستوویی رزگار دەکات و بەرەو نەمری بوونی دەبات و هەموو کات خوێنەر رۆڵ لە تەئویلکردنی دەق دەبینێ, بەمەرجێک بنەوایەک هەبێ بۆ چۆنیەتی هەڵوەشاندنەوە و رێگەکانی دوای هەڵوەشاندنەوە و سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی و دەرخستنی جیاوازییەکانی و هەوڵدان بۆ کەشفکردنی کاریگەری و جێکەوت دانان لەسەر ئەوی تر، کە ئەم تەرزە لە رەفتارکردنە لەگەڵ دەق لای زۆرێک لە لێکۆڵەران بووەتە میتۆد و بە میتۆدی هەڵوەشاندنەوە ناوبانگی پەیدا کردووە.

دوکتۆر (محمد عنانی) پێی وایە کە بەکارهێنانی زاراوەی (هەڵوەشاندنەوە) زۆر لە جێی خۆیەتی، چونکە بنەوای سەرەکیی ئەم زاراوەیە لە کارکردندا، کار لەسەر نەمان و هەڵوەشاندنەوەی هەموو پێوەندییەکانی زمان لەگەڵ دەرەوەی دەق و دەرەوەی خۆیدا دەکات. لەو بارەوە (دریدا) پێی وایە کەس ناتوانێ پرۆسەی هەڵوەشاندنەوە ئەنجام بدات تاوەکو ئەم سێ زاراوەیە بە تەواوی بەرجەستە نەکات و لێیان تێ نەگات، ئەوانیش هەر سێ زاراوەی (پەرشبوون الانتشار، جێکەوت الاثر، جیاوازی الاختلاف)ن، کە بە هەرسێکیان دەڵێ ژێرخان (البنیة التحتیة).(٥)

ئەگەر بێ و بە قووڵی باس لە هەڵوەشاندنەوە بکەین، دەبێ سەرەتا شارەزاییمان لە رێبازی بنیاتگەری هەبێت، لەبەرئەوەی بنیاتگەری سەرەتایەکە بۆ قسەکردن لەسەر دەق، بە مانایەکی تر (لە بنیاتگەریدا لێکۆڵەر راستەوخۆ دەچێتە ناو دەق و لە ژیانی نووسەر و مێژووەکەی لە دەقدا دوور دەکەوێتەوە، وەک بنیاتگەراکان دەڵێن: چەقی جەختکردنەوە ناوەندی دەقە نەک پەراوێز و دەورووبەر test is contest هەروەک بنیاتگەری بە پێ و باڵای خۆی هەڵدەستێ و پەنا بۆ شتی تر نابات، بۆیە پیتێک و دەنگێک بنیاتێکە بۆ خۆی، راناوەکان بنیاتن، بەکارهێنانی کارەکان بنیاتن.... هتد)(٦) ئەمە دەبێتە خاڵێکی هاوبەش لەگەڵ هەڵوەشاندنەوە هەر بۆیەشە زۆرجار تێکەڵییەک لە نێوان هەردووکیاندا دروست دەبێت، لەبەرئەوەی (دریدا) لە گوتەیەکیدا لەناو تیۆری هەڵوەشاندنەوەدا دەڵێ **(لە دەرەوەی دەق هیچ شتێ بوونی نییە)**، لەم رووەوە مێژووی ئەدەب لێرەدا ناکەوێتە ناو بواری هەڵوەشاندنەوە و هەڵوەشاندنەوە مێژووی نووسینەوەی ئەدەب بە شێوە تەقلیدییەکە فڕێ دەداتە دەرەوە. هەر لەم بارەوە هەتا خوێندنەوەکان زیاتر بۆ دەق بکرێت، تەئویل و راڤە و لێکدانەوەی زیاتر لە خۆی هەڵدەگرێت و بەمەش ماهییەت و روح و تام و بۆنی زیاتر لەناو دەق دەمێنێتەوە و بەتەنیاش وەڵامێکی جێگیر لە خۆیدا بەرجەستە ناکات، چونکە (کۆدی تەئویل ئەو کۆدەیە کە لە چەند یەکە پێک هاتووە و کاری دەربڕینی پرسیارێک بەچەند ئاراستەیەکدا دەبات، گومان و لێڵی دەخاتە سەر وەڵامەکان، ئاراستەکان بەشێوەیەکی جیاواز دەخاتە روو.)(٧) ئەم گومان و لێڵییەش کەسی دووەم دێت بەبیروڕای خۆی دەیخاتەوە باری راستییەوە و پاشان

کەسی سێیەمیش بە گومانەوە لێی دەڕوانێ و دەیەوێ لە ڕاستی نێزیک بکاتەوە، بەم شێوەیە هەریەکە لە ئاراستەی خۆیەوە دەق هەڵدەوەشێنێتەوە و لە نوێوە مانایەکی تری بەبەردا دەکاتەوە.

سەرچاوەکان:


- بنیاتی کارنامەیی لە دەقی نوێی کوردیدا، د. عەبدولقادر حمە ئەمین محەمەد، کوردۆلۆجی، چاپی یەکەم ٢٠٠٨
- جاک دریداو هەڵوەشاندنەوە، ڕێبین ڕەسوول ئیسماعیل، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی ٢٠١٠
- خوێندنەوەیەکی هەڵوەشاندنەوەگەرایی بۆ ڕۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەمی بەختیار عەلی)، ڕێزان ساڵح، کۆواری زانکۆی کۆیە، ژمارە ١٨، ساڵی ٢٠١١
- التفكيكية، النظرية والممارسة، كريستوفر توريس، ترجمة: الدكتور صبري محمد حسن، دار المريخ للنشر، السعودية ١٩٨٩
- التفكيكية من الفلسفة إلى النقد الأدبي، ممدوح الشيخ، سايتي المنتدي العربية.
- البنيوية والتفكيك، الماهية والفوارق، منتدى قسم اللغة العربية...

http:// www.alfaseeh.com/vb/showthread.php?44609

- التفكيك هل هو مدرسة نقدية: مجدي ممدوح، موقع الحكمة


پەراوێزەکان:

١- دریدا ئەم وتەیەی لە ساڵی ١٩٧٧ وتووە، سەرچاوە: التفكيكيه، النظريه والممارسه، كريستوفر توريس، ترجمة: الدكتور صبري محمد حسن، دار المريخ للنشر، السعودية، ١٩٨٩ ص ١٦

٢- التفكيك هل هو مدرسة نقدية: مجدى ممدوح، موقع الحكمة.

٣- خوێندنەوەیەکی هەڵوەشانەوەگەرایی بۆ ڕۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم)ی بەختیار عەلی، ڕێزان ساڵح، کۆواری زانکۆی کۆیە، ژمارە ١٨ ساڵی ٢٠١١

٤- جاک دریداو هەڵوەشاندنەوە، ڕێبین ڕەسووڵ ئیسماعیل، بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی ٢٠١٠، ل ٢٦ - ٢٧

٥- التفكيكية من الفلسفة إلى النقد الآدبي، ممدوح الشيخ، سايتي المنتدي العربية.

٦- البنيوية والتفكيك، الماهية والفوراق، منتدي قسم اللغة العربية...

http:// www.alfaseeh.com/vb/showthread.php?44609

٧- بنیاتی کارنامەیی لە دەقی نوێی کوردیدا، د. عەبدولقادر حەمە ئەمین محەمەد، کوردۆلۆجی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨، لا ١٥٢